# زمانی هەستەکان لە شیعرەکانی گۆران

**ID No. 2132**

(PP 105 - 116)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.1.7

**عبدالواحید مشیر محمود دزەیی**

بەشی کوردی/کۆلێژی زمان ز.سەلاحەدین

abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

**دانا تحسین محمد**

بەشی کوردی/کۆلێژی پەروەردەی مەخموور

dana.mohammed@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2018/03/18**

**پەسندکردن : 2018/11/11**

**بڵاوکردنەوە : 2019/02/15**

**پوختە**

زمانی هەستەکان لە شیعرەکانی گۆراندا ناونیشانی توێژینەوەکەمانە، ئامانج لە توێژینەوەکە دۆزینەوەی پاڕە و ڕێژەی بەکارهێنانی هەر پێنج هەستەکەیە لای شاعیر و نیشاندانی هۆکاری جەختکردنەوەی شاعیر لەسەر ئەم هەستانە. ئەم توێژینەوە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی- شیکاری ئەنجامدراوە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە سوودمان لە ئامار وەرگرتووە . توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم ئەم سەر دێرانە دەگرێتەخۆ : هەستەکانی مرۆڤ، هەستەکان و کاریگەرییان لەسەر ئەندازەی دەروونی تاك، درکپێکردن و پۆلێنکردنی کەسەکان بەپێی هەستەکان، هەست و لێکچواندن، لێکچواندن بەپێی بنەماکانی، لێکچواندن بەپێی هەستەکان، باسی دووەمیش باس لە دوو سەر دێر دەکات : زمانی هەستەکان لە شیعرەکانی گۆراندا، زاڵبوونی هەستێک بەسەر هەستەکانیتردا لای گۆران، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامانە : شاعیر گۆران زیاتر جەخت لەسەر هەستی بینین دەکاتەوە. گۆران بە وێنە و دیمەنەکان سەرسامە و پشت بە زانیاریە وێناکراوەکان دەبەستێت. جەخت لەسەر بینین دەکاتەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەسێکی واقیعییە هەر بۆیەش زوربەی زۆری شیعرەکانی ریالزمین.

**وشە کلیلیەکان:** زمانی هەستەکان، گۆران، ئەندازەی دەروونی، هەستی بینین.

## 0- پێشەکی

### 0-1- گرنگی توێژینەوەکە

گ رنگی توێژینەوەکە لەوەدایە پاڕە و ڕێژەی بەکارهێنانی هەر هەستێک دەخاتە ڕوو بەمەش ئەندازەی دەروونی شاعیرمان بۆ ڕوونددەکاتەوە.

**0-2- ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لە توێژینەوەکە دۆزینەوەی پاڕە و ڕێژەی بەکارهێنانی هەستەکانە لای شاعیر و نیشاندانی چۆنیەتی زاڵبوونی هەستێک بەسەر هەستەکانی تر.

**0-3- ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی- شیکاری ئەنجامدراوە، بەپێی پێویستیش سوود لە ئامار وەرگیراوە.

**0-4- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم ئەم سەر دێرانە دەگرێتەخۆ : هەستەکانی مرۆڤ، هەستەکان و کاریگەرییان لەسەر ئەندازەی دەروونی تاك، درکپێکردن و پۆلێنکردنی کەسەکان بەپێی هەستەکان، هەست و لێکچواندن، لێکچواندن بەپێی بنەماکانی، لێکچواندن بەپێی هەستەکان، باسی دووەمیش باس لە دوو سەر دێر دەکات : زمانی هەستەکان لە شیعرەکانی گۆراندا، زاڵبوونی هەستێک بەسەر هەستەکانیتردا لە شیعرەکانی گۆراندا.

باسی یەکەم : هەستەکان و کاریگەرییان لەسەر زمان:

**١- هەستەکانی مرۆڤ :** هەست بەوە پێناسە کراوە، کە: (( کردەیەکی فسیۆلۆژییە، کە بریتییە لە وەرگرتنی وروژێنەرە هەستییەکان لە جیهانی دەرەوەوە و گۆڕینیان بۆ ترپەی کارۆدەماری لە سیستەمی دەماریدا. (غالب محمد المشیخی: ١٦٢:٢٠١٤).

**هەستەکانی مرۆڤیش بریتین لە :**

١- هەستەکانی ناوەوە، وەک: هەستکردن بە تێربوون، برسی بوون، هەستکردن بە ماندووبوون، هتد...

٢- هەستەکانی دەرەوە، وەک: هەستی بینین (Vision) ، هەستی بیستن (Audition) ، هەستی بەرکەوتن (Somatosensation) ، هەستی بۆنکردن (Olfaction) و هەستی تامکردن (Taste). (عبدالرحمن العیسوی:٢٠٠٠: ٨١-٨٥).

**أ- هەستی بینین :**

هەستی بینین بە گرنگترین هەست دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا، کە بە هۆیەوە دەتوانرێ زانیارییەکی زۆر لەسەر سیفەتی شتەکان کۆبکرێتەوە. هەر بەهۆی بینینەوە دەتوانین شێوەکانی دەموچاو و هێما و ئاماژەکان لەیەک جیابکەینەوە، جگە لەمەش بەهۆی بینینشەوە دەتوانرێ زانیاری لەسەر شێوە و ڕەنگ و جوولە و قوواڵیی شتەکان و دیاردە سروشتیەکان کۆبکرێتەوە، هەروەها نابێش گرنگی هەستی بینین لە بواری خوێندنەوە و نووسین لە بیر بکرێ. (Martin.N.G:2010:173).

**ب- هەستی بیستن :**

بیستن لە ڕووی گرنگیەوە بە دووەم هەست دادەنرێت، گرنگی ئەم هەستەش لە کردەی پەیوەندیکردن و کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕەنگدەداتەوە، جگە لەمەش ڕۆڵی هەیە لە ئاشناکردنمان بە هەندێ زانیاری دەربارەی سیفەتی وروژێنەرە جیاوازەکان کە لە ڕێگای هەستی ترەوە بە دەست ناهێنرێت. بۆ نموونە: وروژێنەرە دەنگییەکان دەتوانن زانیاریمان دەربارەی شتە شاراوەکان یان سەرچاوەی شتەکانمان بداتێ، کە زۆر زەحمەتە بە چاو بیانبینین، بە تایبەتی لەو کاتەی کە مرۆڤ لە شوێنی تاریک دەبێ. (عماد الزغول و علی الهنداوی: ٢٠١٤: ١٠٨-١٠٩).

**ج- هەستی بۆنکردن :**

ئەم هەستە بێهێزترین هەستی مرۆڤە، تەنانەت ناوچەی بۆنکردنیش لە ناو مێشکدا لە ڕووی پێکهاتەوە لە چاو ناوچەی هەستەکانی ترەوە زۆر سادە و ساکارە.

مرۆڤ لە ڕێگای بۆن وەرگرەکان کە دەکەوێتە کۆتایی بەشی ناوەوەی هەر دوولای لووتەوە، وروژێنەرەکان لە هەوا وەردەگرن و وەڵامدانەوەیەکی کیمیاوی بۆ وروژینەرەکان دروست دەکەن، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی تەزووێکی دەماری، تەزووە دەمارییەکەش بەهۆی دەماری بۆنکردنەوە دەگوازرێتەوە مێشک. ( رکس نایت و مرجریت نایت: ١٩٩٣: ١٤٥).

**د- هەستی تامکردن :**

هەموو ئەو وروژێنەرانە دەگرێتەوە، کە بەر هەستی تام دەکەون لە ڕێگای زمانەوە ئەنجام دەدرێت . هەستەکانی تام بریتین لە: شیرین، تاڵ، سوێر و تامی خواردن... هتد.

تامە گرێیەکان کەوتونەتە سەر زمان، کە ژمارەیان نزیکەی (10000) و دابەش دەکرێن بۆ چوار جۆر، کە هەر یەکەیان پێکدێت لە نزیکەی (50-150) خانەی وەرگر، هەر خانەیەکیان تەمەنی یەک بۆ دوو هەفتە دەبێت و خانەی نوێ جێگەیان دەگرێتەوە، هەر خانەیەکی وەرگر دەتوانێت تامی جیاواز جیابکاتەوە، بەڵام بۆ جۆرێکیان زۆر بەهێزە، بە پێی جۆری تامە گرێکان، زمان دابەش دەبێت بۆ ناوچەی تامی شیرین، کە کەوتۆتە سەرنووکی زمان، بنی زمان ناوچە تاڵییەکەیە، هەر تامە گرییەک پێکهاتووە لە خانەی جۆری چێژ، کە بە هۆیانەوە نیشانە دەنێرێت بۆ مێشک ، لە ئەنجامدا مێشک دەتوانێت لێکیان جیابکاتەوە. (عبدولواحید دزەیی: ٢٠١٤: ٨٤-٨٥).

**ی- هەستی بەرکەوتن :**

هەستی بەرکەوتن لە ڕووی پێکهاتەوە لە هەستەکانی ترەوە جیاوازە، بەوەی خانەی هەستەکانی تر تەنها لە ناوچەیەکی دیاریکراوی لەشدا بەدی دەکرێن، هەرچی خانەکانی بەرکەوتنە لە هەموو بەشێکی لەشی مرۆڤ لەسەر پێستی بڵاوبوویتەوە.

خانەکانی بەرکەوتن ئەرکیان گواستنەوەی ئەو وروژێنەرانەیە کە بەر پێست دەکەنەوە بۆ مێشک. خانەکانی بەرکەوتنیش سێ جۆرن، کە هەریەکەیان ئەرکێکی هەیە، کە بەم شێوەیە:

ا- ئەو خانانەی کە گۆڕانکارییەکانی پلەی گەرما دەگوازنەوە.

ب- ئەو خانانەی کە ئەرکیان گواستنەوەی هەستکردنە بە ئازارە.

پ- ئەو خانانەی کە ئەرکیان گواستنەوەی هەستکردنە بە پالەپەستۆ و لەرینەوەی لەش. (عماد الزغول و علی الهنداوی: ٢٠١٤: ١١٠).

٢- هەستەکان و کاریگەرییان لەسەر ئەندازەی دەرووني تاك :

هێز و کاریگەری ئەم هەستانە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، یان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لە هەمان کەس، بۆ نموونە هەستی بیستن بواریکی دیاریکراوی هەیە لە سەرووی ئەمە مرۆڤ ناتوانێت ببیستێت، بەڵام ئاژەڵێکی وەک (سەگ) دەتوانێت ببیستێت، یا کەسێکی (نابینا) دەبینین هەستی بیستنی یا بەرکەوتنی بەرزترە لە کەسێکی تر.

ئەم هەستانە وروژێنەرەکان لە دەوروبەر و وروژێنەرە ناوخۆکانی جەستە دەگوازنەوە بۆ مێشک، وەک هەستکردن بە ماندوێتی یا ئێش...هتد .

پرۆسەی زمان بەم قۆناغانەی خوارەوە تێدەپەڕێت :

١- وەرگرتن Receiving: وەرگرتنی وروژێنەرەکان لە ڕێگای هەستەکان.

٢- بەهێماکردن Encoding: پێدانی واتا .

٣- کۆگاکردن Storage: ئەمبارکردنی زانیاری لە یادگە .

٤- گەڕاندنەوە و بیرکەوتنەوە Retrieval: گەڕاندنەوەی زانیاری پێشوو لە کاتی پێویست. (عبدولواحید دزەیی: ٢٠١٤: ٩٥).

٣- درکپێکردن و پۆلینکردنی کەسەکان بەپێی هەستەکان :

درکپێکردن پێدانی واتای گونجاوە بە وروژێنەرەکان، جا ئەوەی درکی پێدەکەین مەرج نییە هاوشێوەی کت و متی واقیع بێت، هەریەک لە ئێمە جیاوازین لە ڕووی درکپێکردنەوە، واتە هەریەکەمان بە شێوەیەکی جیاواز درک بە شتێک دەکەین، بۆیەش تێڕوانینی جیاوازمان بۆ شتەکە هەیە و تاکەکانیش بە پێی جۆری ئەم درکپێکراوانە هەڵس و کەوت دەکەن .

ئەو واتایەی بۆ وروژێنەرەکان دادەنێن، واتایەکی گۆڕاوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، پێی دەڵێن واتای دەروونی، چونکە تاک واتای پێدەدات، لە ڕێگای درکپێکردنی کەسەکەوە واتاکە دورست بووە.(عبدولواحید دزەیی: ٢٠١٤: ١٠٤).

تاکەکان بەپێی هەست و جۆری درکپێکردنیان و زاڵبوونی هەستێک بەسەر هەستەکانیتر لە کاتی درکپێکردنەکەدا دابەش دەکرێن بۆ سێ جۆرە کەس : (کەسی بینراوەیی و کەسی بیستراوەیی و کەسی هەستی). (محمد التکریتی: ٢٠٠٣: ٧١).

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ تەنها زانیاری بە یەک هەست وەردەگرن، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت، کە یەکێ لەم هەستانەی بەسەردا زاڵە، بۆ پرۆسەی تێگەیشتنی ئەم جۆرە تاکانە دەبێت سێ هەڵسوکەوتی جیا بەکاربهێنرێت، تاکو زانیارییە درکپێکراوەکان وەربگرێت و تۆماری بکات لە مێشکی :

**یەکەم : کەسی بینراوەیی (Visual):**

ئەو کەسانەن دەگرێتەوە،کە لە کاتی سەرنجدانیان زیاتر گرنگی بە وێنە و شێوە و ڕەنگ دەدەن بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان و لە کاتی قسەکردنیشدا پشت بە جوولاندنی ئەندامەکانی لەشی دەبەستێ بۆ پاڵپشتکردنی بۆچوونەکانی، جگە لەمەش بە دەنگی بەرز قسە دەکا.(مدحت ابوالنصر: ٢٠٠٦: ١٧٥).

**دووەم : کەسی بیستراوەیی (Auditory):**

ئەو کەسانەن کە زیاتر گرنگی بە هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینەکان دەدەن، لە کاتی قسەکردنیشدا بەردەوام دەنگیان نەرم و گرنگی بە دەربڕینی جوان دەدەن، جگە لەمەش شێوازی قسەکردنیان لەسەرخۆ تر لەچاو کەسی بینراو. هەروەها کەسی بیستراو گرنگی زۆر بە گوێگرتن دەدا و بایەخیش بەو قسانە دەدا کە دەگوترێ. (محمد التکریتی: ٢٠٠٣: ٨٤).

**سێیەم : کەسی هەستی (Feeling):**

ئەو کەسانەن کە زیاتر گرنگی بە لایەنی هەڵچوونی دەروونیان دەدەن بەرامبەر بەو دیاردانەی کە دێتە بەردەمیان، واتە ئەو کەسانەن کە بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە هەست و نەستی خۆیان دەدەن لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر دیاردەیەک. جگە لەمەش لە کاتی قسەکردندا هەناسەی قوول هەڵدەمژن و دەنگیشیان ڕوون و ڕەوانە. (مدحت ابوالنصر: ٢٠٠٦: ١٧٥).

**٤- هەست و لێکچواندن :**

خستنەڕووی شتێك یان چەند شتێکە لە ڕووی واتاوە، کە هاوبەشن لە سیفەتدا لە ڕێگای ئامرازەکانی لێکچووواندن، وەك یەك بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی شتێکی نادیارە، کە بە شتێکی دیار و ناسراو دەچوێندرێت، یا دەرخستنی بڕ و سۆز یا رازاندنەوەی دەربڕین .

لێکچواندن لەسەر چوار بنەما بەندە: (لێچوو، لەوچوو) بنەمای سەرەکین، (لێکچوون، ئامراز )، بنەمای لاوەکین، وەك :

دێ بە تاو ئەشکی دووچاوم هەروەکوو دجلە و فورات

مەزرەعەی غەم سەوز و تێراوە لەبەر ئەم دوو شتــە

لێچوو لەوچوو لێکچوون ئامراز

ئەشکی دووچاو دیجلە و فورات تاو هەروەکو

مەرج نییە هەر هەموو بنەماکان هەبن، بەڵام بەلای کەمەوە دەبێت (لێچوو) و (لەوچوو) ی تێدابێت. (عەلائەدین سوجادی:١٩٨٦: ٤٤-٤٥).

لێکچواندن چەند جۆرێکی هەیە :

ڕووی لێکچواندن نابێت تەواو وەك یەك بن و ناشبێت زۆر جیاوازبن، ڕووی لێکچوان وا ڕاگەیەنراوە، چونکە لەسەر بنەمای ڕاستی نەهاتووە، بۆیە بە لادان هەژمار دەکرێت، لای شاعیر (لێچوو) لە هەموو بنەماکان گرنگترە، دەبێت لەوچوو بەهێزتر و زەقتر بێت، بۆ نموونە :

دەروونم خاڵییە وەك نەی دەنااڵێ .

هەواڕێکی چ پڕ هاواڕە بێ تۆ (نالی:١٩٧٦:٣٨١).

لێچوو لەوچوو لێکچوون ئامراز

دەروونم نەی ناڵین وەك

**٥_ لێکچواندن بە پێی بنەماکانی :**

دابەشکرێکە، بنەماکان کراوەتە پێوەر و دەبێتە دوو جۆر :

١_ لێکچواندنی ڕەها : هەر چوار بنەڕەتەکەی تیادا هاتووە. (بسیونی عبدالفتاح:٢٠١٠:٨٠). وەك :

نەظمی نالی میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییـــــــــــــە

دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفییو یەك ئاشکار (نالی:١٩٧٦:١٧٤)

لێچوو لەوچوو لێکچوون ئامراز

نەظم ئاو و ئاوێنە خەفیی و ئاشکار میثلی

ب_ لێکچواندنی جەختکراو : ئەم لێکچوونە تەنها ئەوزاری تێدا نییە(علی سلوم:٢٠٠٤:١٧٧). وەك :

بەحری غەزەلم پڕ لە دڕو گەوهەرە، ئەمما

غەوواصی دەوێ یەعنی تەعمیقی بزانـــــە (نالی:١٩٧٦:٤٨٠).

لێچوو لەوچوو لێکچوون ئامراز

غەزەل بەحر تەعمیق _

ج_ لێکچواندنی قووڵ : تەنها ڕووی لێکچوونی تیادا نییە (بسیونی عبدالفتاح:٢٠١٠: ٨٢). وەك :

بەگریانم، وەکو گول، پێکەنی یار

لە باغی من بە بارش غونچە پشکوت (مەحوی:١٣٨٧: ١١٤).

لێچوو لەوچوو لێکچوون ئامراز

یار گوڵ _ وەکو

د_ لێکچواندنی ڕەوان : لێچوو و لەوچووی تیادا هاتووە (عبدالعزیز عتیق:٢٠٠٦:٢٢). ئەمیش لە ڕێگای ڕستەی ئاسایی یان لە ڕێگای دیارخەر و دیارخراو وەك :

دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، بـــــڕۆ

کێ مایەوە تیا کە نەبووبێ تیا، ترۆ ؟! (مەحوی:١٣٨٧: ٢٩٦).

لێچوو لەوچوو لێکچوون ئامراز

دنیا تیاترۆ _ _

**٥- لێکچواندن بە پێی هەستی :**

ئاشکرایە پێنج هەستەکانی مرۆڤ بریتین لە ( بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن) هەرچی بەر ئەم هەستانە بکەوێت، پێی دەڵێن (هەستی)[1] . جا چەند شیعرەکان بەر ئەم هەستانە بکەون ئەوا زیاتر دەچنە دڵەوە :

- هەستی بینین :

[1] ئەم بابەتە دەچێتە خانەی زمانی هەستەکان و لە ڕێگەیەوە دەتواندرێت ئەندازەی دەروونی شاعیر دەستنیشان بکرێت ، ئەویش لە ڕێگای زاڵبوونی هەستێك بەسەر هەستەکانی تری بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د.عبدالواحد مشیر دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری :2013: 90-97)

شاعیر ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریدا دەیبینێ، وەریاندەگرێ و وێنەی شیعری جوانیان لێ دروست دەکا. هەستی بینین لە هەستەکانی تر کاریگەرترە لەسەر دەروونی کەسەکان. (ئاسۆ عومەر مستەفا:٢٠٠٩:١٥٦). وەک:

خاڵت چییە؟ دانەی گەنمی جەنەتی ڕووتـــە

چاوت چییە؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆ (نالی:١٩٧٦:٣٨٣).

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| خاڵ | دانەی گەنم |
| چاو | فیتنەی حەرەم |

**- هەستی تامکردن :**

ئەم جۆرە وێنە شیعرییە کە بەر هەستی چەشتن (تامکردن) و شاعیر بەهۆی تامکردنی شتێکی دیاریکراوەوە وەک: (شیرینی و تاڵی و ترشی و سوێری) وێنەی شیعری دروست دەکات. (ئاسۆ عومەر مستەفا :٢٠٠٩:١٦٢). وەک

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت

شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تـــۆ (نالی:١٩٧٦:٣٨٢).

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| دیدار | شەربەت |
| شەراب | ژەهر |

**- هەستی بۆنکردن :**

شاعیر هەموو ئەو شتانەی کە بۆن و بەرامی خۆشیان دێ، وەسفیان دەکا. وەک: (عەتر، عەنبەر، گوڵ، بۆنی یار...هتد). بۆ نموونە:

شەوبۆیی سەری زولفت لە ســـــــــــــەری دام

ئێستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ (نالی)

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| زولف | شەوبۆ |

**- هەستی بیستن :**

ئەم وێنە شیعرییانە دەگرێتەوە کە وێناکردنی دەنگەکان و چۆنیەتی کارتێکردن لە دەروون دەخاتەڕوو.(عبد الاله الصائغ:١٩٨٧: ٤٠٩) وەک:

هەموو ئەعضایی نالّینم دەنالّـــێ

سەراپام میسلی مۆسیقارە بێ تۆ (نالی:١٩٧٦:٣٨٢).

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| ئەعضایی نالّین | مۆسیقا |

**- هەستی بەرکەوتن :**

ئەو وێنە شیعرییە کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی دەستی شاعیر یان هەر ئەندامێکی لاشەی هەستێکی ناوازەی لە لا دروست دەبێت و وێنەی شیعری چێ دەکات. ( ئاسۆ عومەر مستەفا:٢٠٠٩:١٦١).

شان و مل و گەردنی ڕووتی بێگەرد،

سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەک بەرد (گۆران:١٣٩٣:٦٦).

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| مەمکی توند | بەرد |

باسی دووەم: زمانی هەستەکان لە شیعرەکانی گۆراندا:

**١- زمانی هەستەکان لە شیعرەکانی گۆراندا:**

شاعیر بەپێی ئەو دیاردانەی کە ڕووبەرووی بوونیتەوە و بەر یەکێک لە هەستەکانی کەوتووە، هەڵساوە بە شێوەیەکی هونەری ئەم هەستانەی دەربڕیوە، وێنەی شیعری (وێنەی هەستی)[2] لێ دروست کردوون، جا وێنە شیعرییەکەی چ بەهۆی لێکچواندنەوە دروستکردبێ یان بەهۆی خوازەوە دروستی کردبێ.

**١-١ هەستی بینین:**

زۆربەی زۆری ئەو وێنە شیعرانەی کە گۆران دروستی کردوون بەر هەستی بینین دەکەون، جا وێنەکەی بەهۆی لێکچواندن دروست کردبێ کە گوزارشت لە بینین دەکا، یان ئەوەتە وشەکانی وەک:( نیگا، سەرنجدان، بینین، ڕەنگەکان، شێوەی ڕۆیشتن، ئەستێرە، مانگەشەو، گوڵ، زەردەخەنە، قژزەرد، چاو ڕەش، قیافەت، سەرپۆش، چاو، ڕوانین، چاو کاڵ...هتد).

_ بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە (لا ٤٣)
_ شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە،
لە زەردەی زۆر کەی سەرنجم داوە (لا ٤٣)
_ پەڵکەزێرینەی پاش بارانی زۆر،
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر، (لا ٤٣)
_ کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کۆڵمی؟ گۆی مەمکی، لێوی؟ (لا ٤٣)
_ کام بەرزی جوانە وەک بەرزیی باڵای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نیونیگای؟ (لا ٤٣)
_ یا کۆتری حەوشی مزگەوت
چەن خنجیلانەی لێ دێ ڕەوت! (لا ٤٤)
_ پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانی لە بەژنێکی بەرزا!! (لا ٤٤)
_ ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەرت،
کوا باڵە تیژەکانی حوسنی دڵبەرت؟ (لا ٤٥)
_ کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ بڕۆی پەیوەست؟ کوانێ؟ (لا ٤٥)
_ کوانێ زوڵفی ڕەش؟
کوڵمی ئاڵ و گەش؟ (لا ٤٥)
_ کوا هەیکەلی جەمال؟
کوا حوسنی بێ میسال؟ (لا ٤٥)
_ ڕۆژ نەبوو یار بە لەنجەولار،
چەشنی ئاسکی هەردەی بەهار،
_ بە بەردەمما نەکا گوزار،
نەمێنکێ نیونیگای خومار! (لا ٥٠)
_ سەرنجێك من ئەیدەم لەو بەژن و باڵایە،
لە سینەی پاکەوە بۆ جوانی تەنایە،
_ ئەمەوێ کە دەرچووم لەم دێیە بەیانی،
خاتیرەم هەڵگرێ چوانترین نیشانی! (لا ٥٣)
_ کچە کوردێك دڵ پێی شاد بێ،
وەك فریشتە و پەریزاد بێ، (لا ٥٤)

[2] - وێنەی هەستی ئەو وێنەیە کە بەر یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ بکەوێت، بەڵام وێنەی زەینی بەر هیچ هەست لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت. لەم توێژینەوەش تەنیا باسی وێنەی هەستی کراوە.

_ چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت،
پرشنگی خشڵ ئەبڵەق ئەکا دەوروبەری ڕێت، (لا ٥٧)
_ ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی کش و مات،
لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات،
_ لە پڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی،
بەرامبەرم بەژنێك دەرکەوت وەك پەری! (لا ٥٨)
_ گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە،
_ لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەرەبەیان!
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!
_ کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو، (لا ٦٥)
_ دەم و لێوی وەک گوڵی بەرەبەیانی،
ئەمانە گشت، گەلێکی تریش جوانی،
_ وەک لەنجەولار، زەردەخەنە، نەغمەی دەنگ،
شەرمی تاوتاو، نازکردنی ڕەنگاوڕەنگ (لا ٦٦)
_ یەکێ قژزەرد، یەکێ چاوڕەش،
یەکێک لێو وەک گوڵخونچەی گەش (لا ٧٠)
_ قیافەت پەرپووت وەک کتێبی کۆن،
زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن، (لا ١١٨)
_ مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ:
وەک مردوو کفنی بێدەنگی بە کۆڵ، (لا ١١٩)
_ شینایی دەشتی (تەکیە) و بەرەوخوار
پاراو بوو چەشنی ئەگریجەی نازدار
_ لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان،
وەک بووکی تارا سەوزی ئاودامان (لا ١٢٢)
_ سەرای گەچکاریی لە چاڵی وەستاو
وەک سەرپۆش بەسەر، جوان دێتە بەرچاو. (لا ١٢٥)
_ لە ژوور سەریەوە دەست و خەنجەری
چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری (لا ١٢٦)
_ بووکی ژێر تارای ڕەنگ ئەرخەوانی
شۆخ و شەنگە وەک گوڵی بەیانی! (لا ١٢٧)
_ سەر تاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مرواریی ئاونگ
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتکێ پرشنگ (لا ١٣٨)
_ لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ،
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ!
_ وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازداریێ،
تێر نابێ هەر چاوێ بۆی ئەنواڕێ! (لا ١٤٢)
_ کچانی کۆڵە گیای کوڵاندن بە کۆڵ
ڕووەو دێ ڕەویون وەک مامزی چۆڵ. (لا ١٤٤)

_ هەر لەبەر پەیکەری سەربەستیی بەرزا،
وەک قۆچی قوربانی دران بە ئەرزا! (لا ٢٠٤)
_ پۆلیس وایە بەسەریا زاڵ بوو
وەک کۆتر نێچیری داڵ بوو (لا ٢٢١)
_ بێسەر کا وەک قۆچی قوربان!
تا ساوای ناو بێشکەی سووتاو
لە شیش دا وەک جەرگی برژاو... (لا ٢٢٥)
_ خونچەی تەڕی چیرۆکی بەستەکانی
بۆم ئەپشکوێت وەک گوڵی بەربەیانی! (لا ٢٢٦)
_ دوێنێ کەڵبەی گورگی قەیسەر ئەیکرۆشت،
وەک تاڵانی بە تێڵا و شەق ئەیفرۆشت،
_ شاری وێران وەک شاری تۆ و دێهاتی
ژاوەی ئەهات لە نەخۆشی و لە قاتی، (لا ٢٢٧)
_ ساوای ناو جۆلانەی ژێردار
ئەیپرخان وەک پەرخی بەهارا (لا ٢٢٩)
_ وەک چەپکە گوڵی شایی،
سپی و ڕەش و زەرد و سوور،
نێکەڵ بوون.... (لا ٢٤٧)
_ بولبولەکان لە قەفەسا قەتیس بوون
لە سەرمانا ئەلەرزین،وەک گوڵ سیس بوون (لا ٢٥٢)
_ سەوزە گیاکەی گردی یارە
مووی سپی کرد وەک چوڕی شیر (لا ٢٥٣)
_ لە کانی و پلووسکی ژێر سێبەری دار،
کە زیخی مرواری و ئاوی وەک زیوە؟ (لا ٢٥٧)
_ لەسەر وردە زیخی مرواری و زمڕووت
وەک مەڕ مەڕ تاشراو
_ ڕوانیمە باڵای ڕێک، سەر و پێچی شل
ئەگریجەی وەک شەوەی سەر بەفری لامل (لا ٢٥٨)
_ ئەی قژی زەرد، وەکوو پووش دەسکەنە بە!
ئەی لێوی ئاڵ، بە بێ زەردەخەنە بە! (لا ٢٦٥)
_ تووڵەی دەرگای ئاغایان گشت،
وەک کەڵەشێر کلک لەسەر پشت، (لا ٢٩٣)
_ جەمال لای کالیسیکە
وەک گا ئەگلێنێ تیکە (لا ٢٩٨)
_ ڕەنجدەر لە برسا مرێنە
وەک پڵنگ شڕ کە، بدڕێنە! (لا ٣٠٧)
_ دایکم فرمێسکی خەمی
وەک دڵۆپی بەهار بێ (لا ٣١٧)
_ سپی و خرپنی،
وەک کولووی لۆکە! (لا ٣٢١)

شاعیر لە شیعرەکانی (٥١) جار هەستی بینینی بەکار هیناوە بۆ گوزارشتکردن لە شێوەی درکپێکردنی بۆ ئەو وروژێنەرانەی کە لە دەوروبەردا وەریگرتووە.

**١-٢ هەستی تامکردن:**

گۆران لە شیعرەکانی وشەکانی ( تاڵ، نۆشین، هەنگوین، شیرین) بەکار هێناوە بۆ تەعبیرکردن لە هەستی تامکردن، تامکردن کەمترین هەستە کە شاعیر وێنەی شیعریی لێ دروست کردبن، کە بریتییە لە (٢) جار.

_ لە یەک کاسە ((تاڵی)) نۆشین

برایی کردین بە هەنگوین. (لا ٢٣٧)

_ بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نییە،

بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نییە، (لا ٢٦٥)

**١-٣ هەستی بۆنکردن:**

وشەکانی ( حیسی شامە، بۆن، بۆ، بۆنی گوڵ، عەتر)، ئەو وشانەن کە شاعیر بەکاریهێناون بۆ دروستکردنی ئەو وێنەی شیعرییانەی کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەون. گۆران (٦) جار هەستی بۆنکردنی لە شیعرەکان بەکارهێناوە. وەک:

_ ئەی حیسی شامە! لە چاو و لە گوێچکە مەئیووسم ،

بۆنێ لە یارەوە دێنێ خیتامی ئەفسووسم ، (٤٥)

_ با بێ: بۆنی هەناسەی بێ

پڕ بە سینەم وەک تاسەی بێ! (لا ٤٥)

_ با بێ بۆی مەمەی

لە درزی سوخمەی (لا ٤٥)

_ بۆنی وەنەوشە، گوڵ

مێخەک، عەتر، سمڵ... (لا ٤٥)

_ ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نووری نیگاهت!

ئەی عەتری سەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهت! (لا ٧٩)

_ وەک شووشەی عەتر وشەکانی هەڵبەستم

ئەگرن بۆنی گوڵی لەیلاخی دەستم (لا ١٤٦)

**١-٤ هەستی بیستن:**

بیستن بە دووەم هەست دادەنرێت لە لای گۆران لە دوای هەستی بینین کە شاعیر بەکاری هێناوە لە شیعرەکانی، کە بریتین لە (١٦) جار. ئەوەی شایانی باسە شاعیر بۆ گوزارشت کردن لە هەستی بیستن پشتی بە وشەکانی ( دەنگ، نەغمە، گوێ، دەهۆڵ، شمشاڵ، ترپە...هتد). بەستووە.

_ خوڕەی قەڵبەزی کەفزیوینی چەم ،

لە هەزار چەشنە پڕشنگی ناو تەم ، (لا ٤٣)

_ لە گەرووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان

گەڵێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان (لا ٤٣)

_ بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی

با نەیدا لە گوێم، تێر نەڵێم ئۆخەی! (لا ٤٣)

_ لە لەرەی پڕشنگ، ئاوازە

لەخوڕەی ئاو، شیعری تازە (لا ٤٤)

_ بە ئاهەنگتر، بە خورۆشتر

بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر (لا ٤٤)

_ ئەی گوێ! زەلیلی چاوم و بەر تۆ پەنا ئەبەم!

دەنگێ لە یاری دوورەوە، چی بکەم لە زیل و بەم؟ (لا ٤٥)

_ با بێ، خەندەی پر ئاهەنگ بێ؟
نەغمەی نازی شۆخ و شەنگ بێ؟ (لا ٤٥)
_ زڕەی بازن بێ!
بەرەو لای من بێ! (لا ٤٥)
_ هاڕەی هەیاسە کەی،
وڕشەی کراسە کەی!... (لا ٤٥)
_ بڕوانە! شایی یە، چۆپیە، لەو ماڵە
گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە! (لا ٤٧)
_ تەلی عوود و کەمانم پس ٣، کونی شمشاڵم
بەسرابوو وەک گرێی دڵ و زمانی لاڵم! (٦٣)
_ دیوانەکەی (برۆنس) کە نەغمەی شیعری،
ئەڵێی کچە پێئەکەنێ، یان ئەگری! (لا ٦٦)
_ سۆزی شمشاڵ ئەخەمە کار دەمی ئێواران:
پۆل پۆل ئافرەت، شیردۆشی جوان، ئەکشێ بۆ ناو ڕان! (٦٧)
_ نیونیگا: خەندەی ئەستێرەی ئەمەڵ،
نەغمەی گفتوگۆی وەک جریوەی مەل! (لا ١٢٠)
_ لە دەوری ئاگر حەڵقەی چۆپیی کوڕ
ترپەی پێی ئەهات وەک لێزمەی خوڕ! (لا ١٢٦)
_ وا بخوێنی کە سپی و زەرد لەگەڵ ڕەش
گوێت بۆ شل کەن وەک یەک دڵ و وەک یەک لەش (لا ٢٠٥)

**١-٥ هەستی بەرکەوتن:**

وشەکانی (گەرم، نەرم. دەست لێدان، چنگ، دەست، پەنجە، بەرد، لێکخشاندن...هتد). ئەو وشانەن کە شاعیر بەکاریهێناوەن بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری. ئەوەی شایانی باسە شاعیر (١١) چار هەستی بەرکەوتنی لە شیعرەکانی بەکار هێناوە. وەک:

_ شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە،
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە، (لا ٤٣)
_ کوا تەماسی لەشی نەرمی؟
کوا لەزەتی کۆشی گەرمی؟ (لا ٤٥)
_ کوا مەمکی پر چنگ؟
لیمۆی باخی سنگ؟ (لا ٤٥)
_ کوا ماچی لێوی ئاڵ؟
جورعەی ئەبەد، خەیاڵ؟ (لا ٤٥)
_ ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم،
با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم! (لا ٤٨)
_ پەنجەی ناز بەر بدە لە چمکی مشکیی شەرم،
دەرکەوێ لێوی ئاڵ، زوڵفی خاو، کوڵمی نەرم، (لا ٥٣)
_ وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ،
ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵم و خەت و خاڵ، (لا ٥٧)
_ ئەڵێی نەک هەر ئێستا عومرێکی درێژە
بەو دەست و پەنجانەت برینم ساڕێژە (لا ٦٥)

_ شان و مل و گەردنی ڕووتی بێگەرد،
سنگی نەرمِ و مەمکی قوتی توند وەک بەرد (لا ٦٦)
_ ئەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس
وەک بەردی ڕووی شووڕا، بێ ترس (لا ٢٣٠)
_ هێندە گەرمە کەڵکەڵەی سەرم
وەک گوللە تیژ تێئەپەڕم! (لا ٢١٦)

هەروەک دەبینین ژمارەی هەستە بەکارهاتووەکان بریتین لە (٨٦) هەستن، ژمارەی بەکارهاتووی هەستی بینین (٥١) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە(٥٩.٣٠%) و هەستی تامکردن (٢) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە(٢.٣٢%)، هەستی بۆنکردن (٦) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە (٦.٩٧%)، هەستی بیستن (١٦) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە(١٨.٦٠%)،هەستی بەرکەوتن (١١) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە(١٢.٧٩%) . دەکرێ ئەم داتانە بە شێوەی خشتە بخەینەڕوو. وەک:

| ژ | هەستەکان | ژمارەی بەکارهێنانی هەستەکان لای گۆران | ڕێژەیی سەدیی هەستە بەکارهاتووەکان |
|---|---|---|---|
| ١- | هەستی بینین | ٥١ | %٥٩.٣٠ |
| ٢- | هەستی بیستن | ١٦ | %١٨.٦٠ |
| ٣- | هەستی بەرکەوتن | ١١ | %١٢.٧٩ |
| ٤- | هەستی بۆنکردن | ٦ | %٦.٩٧ |
| ٥- | هەستی تامکردن | ٢ | %٢.٣٢ |

**٢- زاڵبوونی هەستێک بەسەر هەستەکانیتردا لای گۆران:**

مرۆڤەکان لە ڕووی کاریگەری هەستەوە یەکسانین، هەستێک لە هەستەکان زاڵە بەسەر هەستەکانیتر.

شاعیر بە پێی شیعرەکانی دەبینین زۆترین ڕێژەی هەستی بەکارهاتوو لای شاعیر بینینە بە ڕێژەی(٥٩.٣٠%) بەکارهاتووە . بۆیەش شاعیر بە کەسی بینراوی دادەنرێت. هەر بۆیەش دەبینین شاعیر دەوروبەری لە ڕێگای وێنەوە دەبینێت، تەنانەت شتە نابەرجەستەکانیشی گۆڕیوە بۆ وێنە، لەشێعرەکانیدا زیاتر جەختی لەسەر وێنە و ڕەنگکردۆتەوە بۆیە کانێك باس لە ڕووداوێك دەکات لە ڕێگای وێنەوە دەیگەیەنێت و ورده لە تێبینیکردن و گونجاندنی و جیاوازیکردن لە نێوان ڕەنگەکان .

شاعیر لە شیعرەکانیدا زیاتر ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە گوزارشت لە بینین دەکات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بە وێنە و دیمەنەکان سەرسامە هەر بۆیەش وشەکانی پێش ماناکان دەکەون. جەختکردنەوەی گۆران لەسەر بینین ئەوەش دەگەیەنێت کە کەسێکی واقیعییە هەر بۆیەش دەبینین زۆربەی زۆری شیعرەکانی ڕیالزمین.

**ئەنجام :**

١- گۆران زیاتر جەخت لەسەر هەستی بینین دەکاتەوە . جەختکردنەوەی لەسەر بینین ئەوە دەگەیەنێت کە گۆران کەسێکی واقیعییە هەر بۆیەش دەبینین زوربەی زۆری شیعرەکانی ڕیالزمین .

٢- گۆران بە وێنە و دیمەنەکان سەرسامە و پشت بە زانیارییە وێناکراوەکان دەبەستێت. وشەکانیشی پێش ماناکان دەکەون. هەر ئەمەش وایکردووە زۆترین ڕێژەی هەستی بەکارهاتوو لای شاعیر هەستی بینین بێت کە بە ڕێژەی (٥٩.٣٠%)٥ ، هەر بۆیە شاعیر بە کەسێکی بینراویش دادەنرێت.

٣- ژمارەی هەستە بەکارهاتووەکان بریتین لە (٨٦) هەستن، ژمارەی بەکارهاتووی هەستی بینین (٥١) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە(٥٩.٣٠%) و هەستی تامکردن (٢) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە (٢.٣٢%)، هەستی بۆنکردن (٦) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە (٦.٩٧%)، هەستی بیستن (١٦) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە(١٨.٦٠%)، هەستی بەرکەوتن (١١) جارە و ڕێژەکەی دەکاتە (١٢.٧٩%) .

**سەرچاوەکان :**

**ا_ بە کوردی :**

١_ ئاسۆ عومەر مستەفا (٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران، دەزگای موکریان،هەولێر.
٢_ عبدولواحید مشیر دزەیی (٢٠١٤)، زمانەوانی دەروونی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ، هەولێر.

٣_ علائەدین سجادی (١٩٨٦)، خوێشخوانی، گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

**ب_ بە عەرەبی :**

1- بسيونى عبدالفتاح (2010 )، علم البيان،ط3، مؤسسة المختار، القاهرة .

2- ركس نايت و مرجريت نايت (1993)، المدخل الى علم النفس الحديث،ت: عبدعلي الجسمانى، ط2، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

3- عبدالاله الصائغ (1987)، الصورة الفنية معيارا نقديا، ط1،دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

4- عبدالرحمن العيسوي (2000)، علم النفس العام، دار المعرفة الجامعية.

5- عبدالعزيز عتيق (2006)، علم البيان، الافاق العربية،ط1، القاهرة .

6- على سلوم (2004)، بلاغة العرب، دار المواسم، بيروت .

7- عماد عبدالرحيم الزغول و علي فالح الهنداوي (2014)، مدخل الى علم النفس، دار الكتاب الجامعي،ط8، العين.

8- غالب محمد المشيخي (2014)، اساسيات علم النفس، دار المسيرة للطباعة والنشر،ط3، عمان.

9- محمد التكريتي (2003)، افاق بلا حدود (بحث في هندسة النفس الانسانية)، الملتقى للنشر والتوزيع، ط3، دمشق.

10- مدحت محمد ابوالنصر (2006)، سلسلة المدرب العملية: البرمجة اللغوية العصبية، مجموعة النيل العربية،ط1، القاهرة.

**ج_ بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Martin.N.G, Carlson.R.N & Buskit.W. (2010). Psychology, (4th ed). Allyn and Bacon.

د_ ئەو سەرچاوانەی نموونەیان لێوەرگیراوە :

١_ گۆران(٢٠٠٥)، دیوانی گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی دالاهو، بلاَوکراوەی پانیز.

٢_ نالی (١٩٧٦)، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.

٣- مەحوی (١٣٨٧)، دیوانی مەحوی، چاپی پێنجەم، انتشارات کردستان، سنه.

**ملخص**

لغة الحواس في أشعار (كوران) هي عنوان البحث الحالي، الهدف من هذا البحث هو استكشاف نسبة استعمال الحواس الخمسة و الأسباب التي ادت الى تأكيد الشاعر على هذه الحواس. وقد تم دراسة هذا الموضوع من منظور المنهج الوصفي التحليلي، يتكون البحث ماعدا المقدمة و الخاتمة من مبحثين رئيسين وهما:

المبحث الأول: يتضمن العناوين التالية: حواس الانسان. الحواس و تأثيرها على الهندسة النفسية للشخص. الادراك و تصنيف الاشخاص حسب الحواس. الحواس و التشبيه. التشبيه حسب اسس التشبيه و التشبيه حسب الحواس.

اما المبحث الثاني فيتناول عنوانين: لغة الحواس في أشعار (كوران). سيطرة حاسة على الحواس الأخرى عند كوران.

في خاتمة البحث تم التوصل الى النتائج التالية: ان الشاعر كوران يؤكد كثيرا على حاسة البصر، وانه كان معجبا بالصور و المناظر الطبيعية، وكان يعتمد على معلوماته المصورة في بناء صوره الشعرية، وان تأكيده على حاسة البصر يؤكدلنا انه كان شخصا واقعيا ولذلك كان اكثر اشعاره واقعيا.

**The language of senses in Goran poetry**

**Abstract**

The language of senses in Goran poetry is the title of the present research. The aim of this research is to explore the proportion of the use of the five senses and the reasons that led to the poet's confirmation of these senses. This topic has been studied from the perspective of the analytical descriptive approach, and the research, except than the introduction and the conclusion, it consists of two main topics:

The first topic: including the following headings: Human senses. The senses and their impact on the personal psychological engineering. Perception and classification of persons according to the senses. Senses and simile. The simulation according to it is basis and simulation according to the senses.

The second section deals with two titles: The language of the senses in the poems (Goran). Control Senses of other senses at (Goran).

At the end of the research it is concluded the following results: The poet Goran emphasizes a lot of the sense of sight, and that he was impressed with the images and landscapes, and was based on information pictured in the construction of his poetic image, and his emphasis on the sense of sight confirms to us that he was a real person and therefore was the most poetry Realistically.